# ئەو ڕۆماننووسەی کلێسە لێی تورەیە



یوسف زیدان

ئا: ئاکۆ کەریم مەعروف

یوسف زیدان، ڕۆماننووس و نووسەرێکی بەتوانای وڵاتی میسرەو هەڵگری خەڵاتی بوکەرە بۆ نووسینی باشترین ڕۆمان لەوڵاتە عەرەبییەکاندا. ڕۆماننووس جگە لەبواری ڕۆمان خاوەنی چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەیە لەسەر فکری سیاسی ئیسلامیی و ساغکردنەوەو خوێندنەوەی نوێ لەسەر دەستنووسە کۆنەکان. لەم نووسینە کورتەدا هەوڵئەدەم کورتەیەک لەژیان و کارەکانی نووسەر بکەم، ئەمەش بەحوکمی ئەوەی کە خوێنەرانی ئێمە زیاتر لەدوای ڕاپەڕینەوە تا ئەندازەیەکی زۆر بێئاگان لەڕۆشنبیریی عەرەبی و زیاتر ئیش بۆ کارو بەرهەمەکانی نووسەرانی خۆرئاواو ئەمریکای لاتین کراوە، ناشکرێ ئەوەش لەیاد بکەین کە ڕۆشنبیریی ئێمە، تاوەکو سنوورێکی زۆر لەژێر کاریگەری ئەدەبی عەرەبییدا بووە، هەربۆیە هەوڵئەدەم تیشکێک بخەمە سەر لایەنە شاراوەکانی نووسەرو ڕۆماننووس یوسف زیدان، کە ئەم ڕۆشنبیرە دیارە تاوەکو ئێستا تەنها یەک بەرهەمی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، کە بەرهەمەکانی نووسەر بەتایبەتی ڕۆمانی عەزازیل بۆ زمانە جیهانییەکان وەرگێڕدراوە.

## ڕۆمانی [عەزازیل]

ڕۆمانی عەزازیل، کە دووهەمین بەرهەمی یوسف زیدانە، ساڵی ٢٠٠٩خەڵاتی بوکەری بۆ باشترین ڕۆمانی وڵاتە عەرەبییەکان پێبەخشرا، لەبارەی ئەم ڕۆمانەوە زۆرێک لە ڕەخنەگران پێیانوایە ڕۆمانی عەزازیل لەجیهانی ڕۆمانی کۆدی دافنشی دان براونەوە نزیکەو بەراوردی دەکەن بەهەمان ڕۆمان، هاوکاتیش لەگەڵ بۆچوونە جیاوازەکاندا هەندێکیتر لە ڕەخنەگران وایدەبینن کە ڕۆمانی عەزازیل دەقێکی مێژوویەو جیاوازە لەڕۆمانی کۆدی دافنشی کە بەڕۆمانی پۆلیسی پۆلێندەکرێت، هاوکاتیش بیرو بۆچوونەکان لەمبارەیەوە جیاوازن، زۆرێک لە ڕەخنەگران پێیانوایە ئەم ڕۆمانەی یوسف زیدان زیاتر لەڕۆمانی لیۆنی ئەفریقی ڕۆماننووس ئەمین مەعلوف نزیکترەو ئەم نزیکییەش تەنها بەهۆی ڕووداوەکان و هێزی زمان و پێکهاتە ڕەگەزەکانەوە نییە، بەڵکو بەهۆی بوونی پاڵەوانە وەهمیەکانە کە لەنێوان کەسایەتییە مێژووییەکانەوە لەسیاقی ڕۆماندا خۆیان نمایشدەکەن، ڕۆمانی عەزازیل لەسەرەتای چاپ و بڵاوکردنەوەیدا هەرایەکی گەورەی نایەوە، بەتایبەتی لای کەنیسەو مەسیحییەکان، کە پێیانوابوو نووسەر لەمسی مێژوو ئایین بیروباوەڕ فکری مەسیح و لاهووتی کردووە، ئەمەش لەسەر زمانی پاڵەوانی ڕۆمانەکەوە بەناوی (هیپا) لەسەر داوای (عەزازیل) کە (یەکێکە لەناوە کۆنەکانی شەیتان) چیرۆکێکی سریانی دەستنووسێکی سەدەی پێنجەمی بۆ بگێڕێتەوە، ئەو ساتەوەختەی کە گرفتە لاهوتیەکان و خوداوەندێتی مەسیح لەوپەڕی کێشەو گرفت و ململانێدا بووە. لەبارەی ئەم ڕۆمانەوە دکتۆر یەحیا ئەلجەمەل دەڵێ (لەگەڵ ئەوەی لەڕۆمانی عەزازیلدا چێژو هێزێک هەیە کە ڕاتدەکێشێ هەر ئەوەندەی دەستتکرد بەخوێندنەوەی لەدوای چەند لاپەڕەیەک هەست بەوە دەکەیت کە بەتەواوی لە بەرامبەر کارێکی جیاوازدایت و بەرامبەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بەراوردکاری ئایینەکان و نوێژینەوەیەکی لەسەر لاهووتییەت، یاخود لەگەشتێکی فەلسەفەیی و قووڵ و ڕاستگۆیانەیت). هەروەها ڕۆژنامەنووس سامح سامی لەدیدارێکی ڕۆماننووس لە ڕۆژنامەی ئەلشروق ئەلجەدیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە (لەڕۆمانی عەزازیلدا هەوڵمداوە تۆزو گەردی سەر ئەو مێژووە نادیارو لەبیرکراوە ڕابماڵم، دەمەوێت لەڕۆمانەکەدا ئەوەئاشکرا بکەم کە لەڕێی داهێنانەوە مەعریفەیەکی قووڵ بە خود، مێژوو دابمەزرێنم، ڕۆمانی عەزازیل پەیامێکی خۆشەویستییە، گوتارێکە لەپێناو ئینساندا). لەدوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێ کە دەقێکی مێژووی کۆنی وڵاتی میسرە بەڕۆحی سۆفیزم نووسراوە، هەروەکو ئەوەی تۆ پاڵەوانەکەی بیت نەوەکو ڕاهیبە (هیپا)و هەر یەک لەئێمە عەزازیلی خۆی هەیەو لەگەڵیا دەژی. هەر وەکو ئاماژەم بۆ کرد لەسەرەتادا ڕۆمانەکە زۆرترین فرۆشی هەبووەو بۆ هەر سێ زمانەکانی ئینگلیزی، فەرەنسی، ئیتاڵی، پاشان لەم دواییانەدا بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراوە.

## ڕۆمانی [ظل الافعی]

ڕۆمانی ظل الافعی کە یەکەمین کاری یوسف زیدانە، بەهۆی گێڕانەوەکانی عەبدە غەلیانەوە حیکایەتی ئافرەتێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو کەسەی بیر لەهیچ شتێک ناکاتەوە تەنها ژن نەبێت، ئەمەش بەمەبەستی گەیشتن بە ئامرازە سێکسییەکان. ڕۆماننووس لەم بەرهەمەیدا شوێنی ئافرەت لەزەمەندا دیاریدەکات، بۆ ئەو کاتەی کە خوداوەندی پیرۆز ژیانی بەخشی بە بوونەوەرەکان. لەبارەی ئەم ڕۆمانەوە نووسەری دیاری میسر جەمال غیتانی دەڵێت (ظل الافعی دەقێکی سەنجڕاکێشە، نامۆیە، لەبەرئەوەی لەگەڵ دەقەکانی تردا یەکناگرێتەوە، ئەگەر ئەم دەربڕینە ڕاست بێ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆمانەکە دیدگایەکی تایبەتی و یاسایەکی تایبەت بەخۆی هەیە، من پێموایە دەقێکی زۆر سەرنج ڕاکێشە). هەروەها شاعیرو نووسەر

ئەحمەد ئەلشەهاوی دەڵێ (دەتوانین وەسفی ئەم ڕۆمانە بکەین کە ڕۆمانێکی فەلسەفییە، کە تەعبیر لەدیدگایەکی قووڵی وجود دەکات). ناکرێت ئەوەش لەبیر بکەین کە ئەم ڕۆمانە فۆرمێکی نوێیە کە نووسەر هەوڵیداوە لەمیانەی نووسینی ئەدەبیی بەپشتبەستن بە بەڵگەکان کاری کردووەو، هۆکاری ئەم جۆرە لەنووسینەکانی خودی نووسەرەکە خۆیەتی کەپسپۆڕیی هەیە لە کولتووری عەرەبیی و سەرپەرشتیاری بەشی دەستنووسەکان و کتێبە دەگمەنەکانە لەکتێبخانەی دێرینی ئەسکەندەرییە.

## ڕۆمانی [النبطی]

بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستدان، ئێستا ڕۆماننووس زۆربەی کاتەکاتی لەبیابانی سیناو خوارووی وڵاتی ئۆردون دەباتەسەر، ئەمەش بەمەبەتی نووسینی سێیەمین ڕۆمانی بەناوی (النبطیه). لەئاماژەیەکدا ڕۆماننووس باس لەوە دەکات کە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە ژیانی ئافرەتێکی میسریمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ژیانی هاوسەریی لەگەڵ کەسێکی خەڵکی الانباگ پێکهێناوە. پاڵەوانی ڕۆمانەکە ئاگاداری ڕووداوەکانە، بەتایبەت لەکاتی فەتح کردنی وڵاتی میسر. لەو ماوانەشدا بەچەند کەسایەتییەک دەگات کە دەوری گرنگیان هەبووە لەو ڕووداوەدا، لەو کەسایەتییانەش(ریگە) کە هاوسەری عەمرۆ بن عاس بووە. ئەم ڕۆمانە وێنایەکی فەتحی میسرمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ناوچەکە لەسەرەتاکانی سەدەی حەوتی زایندا بەژیانێکی ئاڵۆزو تێکچڕژاودا تێپەڕیوە. وا چاوەڕواندەکرێت لەکۆتایی هاوینی داهاتوودا ڕۆمانەکە چاپ و بڵاوبکرێتەوە، لە فێستیڤاڵی ئەدەبیی بەرلین چەند خوێندنەوەیەکی بۆ بکرێت.

## کورتەیەک لەژیانی ڕۆماننووس

نووسەرو ڕۆماننووس یوسف زیدان، لە٣٠ی یۆنیۆ ساڵی ١٩٥٨، لەشاری سوهابی وڵاتی میسر لەدایکبووە، پاشان لەگەڵ باپیرەیدا بەرەو شاری ئەسکەندەرییە دەڕۆن. باوکی لەچاپخانەیەکدا لەناوچەی غیط العنب کاریدەکرد، ژیانی یوسف زیدان وەکو زۆربەی منداڵە میسرییەکان پڕاوپڕ بووە لەنەبوونیی و هەژاریی، هاوکاتیش لەگەڵ ئەو ژیانە سەختەدا بەردامیی دەدات بەخوێندن و لەساڵی ١٩٨٠ بەشی فەلسەفە لەکۆلێژی ئادابی زانکۆی ئەسکەندەرییە تەواو دەکات، پاشان لەهەمان زانکۆ دادەمەزرێ، ماوەیەکی زۆری پێناچێت بەبڕیاری حوکمی قەزائی ئیداری ژمارە ١٢٥٣لەسەر کارەکەی لادەبرێت. لەدواییدا بۆ بەردەوامبوون بەدرێژەدان بەخوێندن، بڕوانامەی ماجستێر لەفەلسەفەی ئیسلامیدا وەردەگرێت، پلەی دکتۆراکەیشی لەهەمان بواردایە، لەساڵی ١٩٩٩پلەی مامۆستایەتی و مێژووی زانستەکانی پێدەبەخشرێت.

